لەگەڵ هەناسەکانی ئاوو چریکەی شیعری کوردیدا دیسان سەمادەکەیت و سەما دەکەین .

رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانی جیهان
پەرلەمانی ئەوروپا
رێکخراوی جیهانی مافی مرۆف
هەموو وڵاتان و گەلانی ئازادو پێشکەوتوخوازی دنیا
هەموو ناوەند ورێکخراوەو کەسایەتیە ماخوازو پارێزەکانی دنیا
هەموو هێزو لایەنە سیاسیە دیموکراسی ویستەکان

مەخابن هەروەک دەزانن دەسەڵات و دەوڵەتی ئێران لەدرێژەی پرۆژەی بە گۆڕستانکردن و قڕکردنی ئازادی لە ئێراندا ، سزای دژە ڕەوشت و نا مرۆیانەی لەداردان و کوشتنی بۆ مامۆستاو نووسەرو چالاکی مەدەنی فەرزادی کەمانگەر ڕەچاوکردوەو بڕیارداوە .
پەلاماری کوشتن و قڕو قەڵاچۆکردنی ئێران و بەتایبەتی کوردستان لەلایەن ڕژێمەوە ئیتر هەموو سنورو ڕووبەرەکانی ئەم کۆمەڵگایەی بەزاندووە ، ڕە هەندو ڕەووت و بوار ماناو واتایان نەماوە و لە ڕاستیدا و لەکۆی مانای خۆیدا دەسەڵات ژیان وژینی هەموو جەماوەرو گەلانی ئێرانی کردۆتە ئامانجی قەڵاچۆکردن و پاکتاوی خۆی . مەترسیەکی مەزن و کارەساتێکی گەورە ژیوارو بوون و کلتوری وڵاتی گرتۆتەوە و ئەم ڕەوەندە بەربەست نەکرێ هەموو بوون و ژیانی مرۆفی ئێرانی و کورد دەکەوێتە بەر زریانی هەڵتەکاندن و لەناوچوون . ئێمەوەک کانوونی نووسەرانی کوردستان لێرەوە و بەم بۆنەیەوە هەموو جیهان لەم مەترسی و

کارەساتە ئاگادار دەکەینەوە و خوازیاری هە ڵوێستی لێبڕاوانەو بە پەلەی هەموو لایەکتانین .
لەگەڵ شەرمەزارکردنی سزای کوشتن بۆ مامۆستاو نووسەر فەرزادی کەمانگەر داواکارین یەک دەنگ و هەڵوێست لە پێناو پووچەڵکرنەوەی ئەم سزایە دا ، هەموو هەوڵ و تواناکانمان لە پێناو دەستە بەرکردنی مافی ئازادی و دیموکراسی بۆ تاک و کۆی ئێران بخەینە گەڕو هەوڵی نەمانی یەکجاری سزای قیزەونی کوشتن و لە داردان بدەین .

کانوونی نووسەرانی کوردستانی ئێران
1/3/2008